## نەوزەر ئازادیماڵئاوایی کرد!



ڕۆژی شەممە ٢٧/٠٢/٢٠٢١ نەوزەر ئازادی شاعیر، نەققاش، شانۆگێڕ و ئاکتۆری سینەما و تەلەڤزیۆن لە تەمەنی ٨٢ ساڵی لە وڵاتی ئاڵمان ماڵئاوای لە ژیان کرد. نەوزەر یەک لە تاقانەکانی شانۆ و فیلم بوو، نە لە کەس نەدەچوو و نەکەسیش وەک ئەو بوو. هونەرمەندێکی بە هەڵوێست کە ٤٢ ساڵ لە ژیانی لە بێدەنگی و دوور لە سەکۆی شانۆ تێپەڕی، ئەو پاش هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئیسلامی، ئەو وڵاتە و شانۆی بەجێ هێشت. نەوزەر دووهەمین میری شانۆی کوردان بوو، پاش میرسەیفەدین کە لە سەر سەکۆی شانۆ خۆی دەرماندا و کرد.

یادی زیندوو

## لە میری شانۆوە هەتا نەوزەر ئازادی!

کرماشان دەکرا بە تەنیا یەک وڵات بێ، وڵاتێک کە ڕەگەکانی لە قووڵایی زەمین و مێژوو ڕۆچووە و گەیشتۆتە ئەو سەردەمە. وڵاتی ڕۆژنامەوانی، موسیقا، ئەدەبیات، شانۆ، سینەما، ڕادیۆ، تەلەویزیۆن، هونەر و کەلتور و مرۆڤ.

میرسەیفەدین ١٤٤ ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری کرماشان لە دایک بوو، بۆ فێربوونی شانۆ خۆی گەیاندە تفلیس، هەر ئەو شارەی کۆنترین تیپی شانۆی کوردی بە شێوەی مودێرنی هەبوو، ئەو دەورەی یەکەم فیلم بە زمانی کوردی لێ ساز کرا.

میرسەیفەدین لە تەورێز و کرماشان و تاران شانۆی مودێرنی دامەزراند و لە زۆربەی شارەکانی ئێران پەرەی بە شانۆ دا. کاری میرسەیفەدین گەیشتە ئەو ئاستەی کە ڕەزاشا و ڕژیمەکەی ترسیان لێ پەیدا بوو. دوو ڕێگایان خستە بەر دەمی میر: یان ئێران بەجێ بهێڵە یان تەختەی شانۆ. میری شانۆ، وڵامی ڕەزاشای نەداوە و لە دوا دەوری لە سەر شانۆ، کۆتایی بە ژیانی هێنا و بۆ هەمیشە ڕەسوایی بە ناو چاوانی حکوومەتی شاهەنشاهی ئێرانەوە هێشت.

کرماشان پاش میرسەیفەددین نەوەستا و شانۆ بەردەوام مایەوە و لەوێڕا بۆ شارەکانی تری کوردستان گوێزرایەوە. شانۆکارانی کرماشان حەقیان بە گەردنی زۆر کەسەوە، لەوانە نووسەری ئەم دێڕانەوە هەیە. نەوزەر ئازادی یەک لە ئەستێرەکانی شانۆی کرماشانە، کە ڕەنگە بۆ زۆر کەس نەناسراو ماوەتەوە و بۆ هێندێک ڕەنگە تەنیا "پێکەنۆکەر" بووبێت.

نەوزەر ٨٢ ساڵ پێش لە شاری کرماشان لە دایک بووە، باپیری لە دایکەوە دەبێتە "سەید موراد" کە لە گەڵ خاڵۆ قوربان بۆ یارمەتی مەشروتەچییەکان چوونە تەورێز و هەر لەوێ کوژرا و نێژرا. بنەماڵەکەی پاش ئەم ڕووداوە، ناوی بنەماڵەکەیان نا "ئازادی". باوکی نەوزەر کە کەسێکی خەڵکی ئەراک و ئەرتەشی بوو و لە کرماشان مایەوە، ناوی خۆی دەگۆڕێ و ئەویش کردیە "ئازادی".

نەوزەر هەر وەک میرسەیفەدین بەرەو شانۆ کێشرا و جگە لەوە هەر ئەو کاتە کە لە دەبیرستان بوو، بوو بە وێژەری ڕادیۆ کرماشان. نەوزەر ئازادی تەنیا شانۆگێڕ و ئاکتۆر نییە، بەڵکوو نووسەر، نەققاش، دەرهێنەری سینەما و شانۆیە. ئەوەش گرنگە بزانرێ کە ئەو کە درچوویی زانکۆی شانۆ بوو، نانی سەرەکی لە ڕێگای کارمەندی بانکەوە دەردەهێنا و سەردەبیری گۆواری بانک و رەییسی یەکێک لە بانکەکان لە کرماشان و دواتر تاران بوو. دەیان شانۆی کلاسیکی جیهانی و ئێرانی و فیلم و سریاڵ و شۆی تەلەویزیۆنی بەپێز هەتا ساڵی ١٩٧٩ لە کارنامەیدا هەیە.

کەسایەتی نەوزەر ئازادی پاش هاتنە سەر کاری حکوومەتی دینی زۆرتر دەرکەوت. ئەو بۆ هەمیشە سەکۆی شانۆ و جیهانی سینەما و تەلەویزیۆنی ئیسلامی

ئێران و وڵاتی ئێرانی بەجێ هێشت و لە هونەری نەققاشی-دا قووڵتر و قووڵتر بووە و جێهانی بیر و هزر و ئەستەتیکی خۆی لەو هونەرەدا دەرخست.

نەوزەر لە وڵاتی ئاڵمان ڕێستۆرانی هەبوو. لە زۆر لایەنەوە داوای لێکرا تێکەڵ سینەما و شانۆ لە دەرەوەی وڵات و بەرنامەگەلی تەلەویزیۆنی بکرێ، بەڵام ئەو تەنانەت داوای هەموو مێدیای ئێرانی بۆ وتووێژکردنیش ڕەت کردەوە و تەنیا یەک جار، وتوێژێکی دوور و درێژی لە گەڵ گۆواری"قەدیمی"یەکان بە زمانی فارسی کردووە.

دەبێ بێژم زۆر زۆر بەداخم بۆ مێدیای داڕزاوی کورد لە هەموو پارچەکان کە ئاوڕ لە گەنجینەی هونەر و فەرهەنگی کرماشان نادەنەوە، وڵاتێک کە "نەقیمێکی" بەنرخی هونەر و فەرهەنگی هەموو کوردستانە، کە گەنجینەیەکی دێرینی هەموو هونەرەکانە، بە تایبەت شانۆ، تەلەشانۆ، شانۆیی ڕادیۆیی، سینەما، ڕۆژنامەوانی، موسیقا.

برایم فەڕشی

بەهاری ٢٠٢٠

* مخابن هیچ وێنەیەک لە میرسەیفەددین کرماشانی لە بەر دەست نییە و ئاڕشیوی کورد لەو بەستێنەشدا، هەژارە.
** دوو کەس لە شانۆگێڕانی تیپی شانۆی کوردی تفلیس ئەندامی ناوەندی شانۆی کۆچەر لە ئاڵمان بوون.
*** نووسەری ئەم دێڕانە هاوکاری تیپی شانۆی تەلەویزیۆنی کرماشان بوو، هەر وەها چەند کەس لە ئەندامانی تیپی شانۆی تەلەویزیۆن و فەرهەنگ و هونەری کرماشان هاوکاریی نزیکی شانۆکارانی ورمێ، مەهاباد، بۆکان و سنە بوون.
* لە داهاتو زۆرتر ئاوڕ لە مێژووی شانۆ لە کرماشان دەدەمەوە.